Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpA.7

# لێکەوتەکانی چەکداماڵینی پەکەکە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Snoor Faisal Aziz Balani
Snoor.balani@su.edu.krd

RECEIVED :07 /10/2025
ACCEPTED :11/12/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**سنور فیصل عزیز پالانی** /گۆڤاری زانکۆ،سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەریمی کوردستان،عێراق

**پوختە**

چەکداماڵینی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەرچەرخانێکی گرنگە لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا. ئەم توێژینەوەیە لە ئاڵۆزییەکانی داماڵینی پەکەکە دەکۆڵێتەوە و بابەتەکە دەخاتە چوارچێوەی ئاسایشی مێژوویی و سیاسی و ناوچەیی،بە سوودوەرگرتن لە شیکاری چۆنایەتی و ، سوودە ستراتیژییەکان و مەترسییەکانی پەیوەست بە چەککردنی پەکەکە هەڵدەسەنگێنێت، کە بریتین لە کەمکردنەوەی یاخیبوونی ناوخۆیی، دووبارە بڵاوکردنەوەی سەرچاوە سەربازییەکان و ئەگەری گەیشتن بە ئاشتەوایی ناوخۆیی درێژخایەن.

لە هەمان کاتدا باس لە هەڕەشەکانی پەرتەوازەیی پەکەکە و ناسەقامگیریی بەردەوامی ناوچەکە و کاردانەوەی نەتەوەپەرستی لە سیاسەتی تورکیادا دەکات.

ئەم توێژینەوە بە بەکارهێنانی نمونەی حاڵەتی چەکداماڵین ومەرجە بنچینەییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەخاتەڕوو. ئەمانە بریتین لە چاکسازی دامەزراوەیی و ڕێککەوتنی سیاسی و میکانیزمەکانی تێکەڵبوونەوە لە کۆمەڵگا. خوێندنەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەندە چەک داماڵین لەوانەیە هەڕەشە دەستبەجێکان کەم بکاتەوە، بەڵام پێویستە تورکیا دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ ستراتیژی ئاسایشی ناوخۆیی بکات و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە لەگەڵ سوریا و عێراق چارەسەر بکات.

توێژینەوەکە بە ڕاسپاردەکانی سیاسەتی کرداری بۆ بڕیاردەرانی تورکیا کۆتایی دێت و جەخت لەسەر پێویستی چوارچێوەیەکی فەرمی چەکداماڵین، ئازادکردن، تێکەڵبوونەوەی سەرلەنوێ و دیالۆگی سیاسی گشتگیر و چاودێری نێودەوڵەتی دەکاتەوە. لە کۆتاییدا، چەک داماڵینی پەکەکە دەبێت وەک خاڵێکی کۆتایی سەیر نەکرێت، بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی گرنگ بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیریی ستراتیژی بەردەوام لە تورکیادا.

**وشە سەرەکییەکان:** چەکداماڵینی پەکەکە، ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، ململانێی کورد، (چەکداماڵین، ئازادکردن، یەکگرتنەوە ).

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-1. پێشەکی

(پەکەکە) لە ساڵی 1978 لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە دامەزرا و لە ساڵی 1984 دەستی بە خەباتی چەکداری دژی حکومەتی تورکیا کرد. هەرچەندە لە سەرەتادا ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو، بەڵام دواتر داواکارییەکانی گۆڕی بۆ بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی و دانپێدانانی فەرهەنگی و سیاسی بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا.(Marcus 2009) ئەم ململانێیە بووەتە هۆی کوژرانی زیاتر لە 40 هەزار کەس، کە هاووڵاتییانی سڤیل، هێزە ئەمنییەکانی تورکیا و چەکدارانی پەکەکەی لەخۆگرتووە. هەروەها کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی تورکیا داناوە، بەتایبەت لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ .( Romano 2006, Jongerden 2024)

بە تێپەڕبوونی کات، ململانێکان لە شەڕێکی پارتیزانیی ناوخۆیی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە، پەرەی سەند و بوو بە کێشەیەکی ئاسایشیی نێودەوڵەتی. پەکەکە بنکەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان جێگیر کرد و لە ڕێگەی گروپە هاوپەیمانەکانییەوە لە سووریا، وەک یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، کاریگەریی خۆی فراوانتر کرد. ئەمەش نەک تەنها هەوڵەکانی دژە تیرۆری ئاڵۆزتر کرد، بەڵکو تورکیاشی خستە نێو کێشەیەکی جیۆپۆلەتیکی بەرفراوانترەوە.(Gunter 2015)

حکومەتی تورکیا و پەکەکە چەندین جار هەوڵی ئاشتی و دانانی چەکیان داوە، دیارترینیان پرۆسەی ئۆسلۆ (2008–2011) و ڕێککەوتنی دۆڵمەباخچە (2015) بوون، کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان حکومەتی تورکیا و ئۆجەلانی لەخۆگرتبوو. هەرچەندە ئەم هەوڵانە لە سەرەتادا هیوابەخش بوون و بوونە هۆی ڕاگەیاندنی ئاگربەست و کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی پەکەکە، بەڵام بەهۆی نەبوونی متمانە لەنێوان هەردوولادا، شکستیان هێنا. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە ستراتیژی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییەکان.(Gunter 2024)

هەرچەندە ئاگربەستێکی کورت خایەن لە ئارادا بوو، بەڵام هێشتا ئامانجەکەی کە ئاشتییەکی هەمیشەیی بەدی نەهاتبوو. ئەم ئاستەنگانە دەرخەری ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەن کە لەنێوان کێشە ئەمنییەکان، سیاسەتی ناسنامە و فاکتەرە هەرێمییەکاندا هەیە.

بەردەوامیی چالاکیەکانی پەکەکە، لە ڕێگەی تاکتیکی پارتیزانی، بۆمبرێژکردن و ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوورەکانەوە، وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا مایەوە. سەرەڕای ئەوەی تورکیا دەستکەوتی سەربازیی لە دژی ڕێکخراوەکە بەدەستهێنابوو، بەڵام پەکەکە هێشتا بنکەی لۆجستیی لە هەرێمی کوردستاندا مابوو و لە ڕێگەی گرووپی سەر بە خۆی کە یەپەگە بوو (گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، 2023) لە سووریا خاوەن کاریگەری بوو لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوە زانستییەکان وەک پێویست هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەوە نەکردووە کە چەکداماڵینی پەکەکە چۆن دەتوانێت تێڕوانینی تورکیا بۆ ئاسایش بگۆڕێت.(Gunter, 2024)

سەرەڕای چەندین ساڵ لە چالاکیی سەربازی و گفتوگۆی پچڕپچڕ، پەکەکە بە تەواوی چەکەکانی دانەنا و ئاشتییەکی هەمیشەیی بەدی نەهات. ئەم ڕێکخراوە بەردەوام بوو لە لاوازکردنی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە ڕێگەی شەڕی ناهاوسەنگ و ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوورەکانەوە. هەرچەندە سوپای تورکیا توانیبووی تواناکانی پەکەکە تا ڕادەیەک کەم بکاتەوە، بەڵام کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان هێشتا بێ چارەسەر مابوونەوە ( Çandar, 2012).

توێژینەوە ئەکادیمییەکانی ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان لەسەر مێژووی پەکەکە، تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی ناسنامەی کوردی و ستراتیژییەکانی دژەتیرۆر کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کەموکورییەکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوەی ورد سەبارەت بە لێکەوتە ئەمنییەکانی ئەگەری چەکداماڵینی پەکەکە هەیە، بەتایبەتی لە ڕوانگەیەکی ستراتیژی و دەوڵەتەوە. چەکداماڵین چی بۆ چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەگەیەنێت؟ ئایا دەبێتە هۆی سەقامگیریی بەردەوام، یان لەوانەیە هەڕەشەی نوێ و بۆشایی سیاسی دروست بکات؟

**2-1- پرسیاری توێژینەوە:** پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :
چەکدامالّینی (پەکەکە) چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی سەقامگیریی ناوخۆیی، دینامیکی هەرێمی و پرۆسەی سیاسی؟

**3-1- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**
بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی، توێژینەوەکە ئەم ئامانجانەی خوارەوە دیاری دەکات:
– شیکردنەوەی کاریگەرییە ستراتیژییەکانی چەکدامالّینی پەکەکە لەسەر ژینگەی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەوەی تورکیا.
– هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییە ئەگەرییەکان لە دۆکترینی سەربازی، سیاسەتەکانی کۆنترۆڵکردنی سنوور و ستراتیژی دژەتیرۆری تورکیا لە دوای پرۆسەی چەکدامالّین .
– لێکۆڵینەوە لە دەرفەت و مەترسییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی چەکدامالّین، وەک ئەگەری سەرهەڵدانی گرووپی جیابووەوە، ناسەقامگیریی هەرێمی، یان باشتربوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**4-1-گریمانەی توێژینەوە :**
گریمانەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە چەکدامالّینی پەکەکە هەڕەشە ڕاستەوخۆکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە ببێتە سەرهەڵدانی کێشەی ستراتیژیی نوێ، وەک: پەرتەوازەیی ناوخۆیی و جیابوونەوەی گرووپی چەکدار لە پەکەکە، دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەکە، زیادبوونی ناکۆکیی سیاسی لەنێوخۆی وڵاتدا، یان نوێبوونەوەی داواکاری بۆ سازشی سیاسی لەلایەن دانیشتووانی کوردەوە.

**5-1-مەودا و سنوورەکانی توێژینەوە :**
ئەم توێژینەوەیە بە تایبەتی لە لێکەوتە ئەمنییەکانی چەکدامالّینی پەکەکە دەکۆڵێتەوە، نەک باسکردنی کێشەی فراوانتری کورد یان گەڕان بە دوای ئۆتۆنۆمیی سیاسیدا. جەخت لەسەر ئاسایشی دەوڵەت، گونجاندنی ستراتیژی و کەمکردنەوەی هەڕەشەکان دەکرێت، نەک بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد یان مافە کولتوورییەکان.
**شیکارییە جوگرافییەکە** بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە تورکیا و ناوچە سنوورییەکانییەوە، بەتایبەتی عێراق و سووریا کە چالاکییەکانی پەکەکە تێیاندا چڕە. هەرچەندە دان بە لایەنە مرۆیی و سیاسییەکانی ململانێکەدا دەنرێت، بەڵام بە بابەتی لاوەکی دادەنرێن بە بەراورد بە گرنگیی چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی.

**6-1- پێناسەی چەمکەکان:**
بۆ ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری و کرداریی توێژینەوەکە، پێویستە پێناسەی وردی چەمکە سەرەکییەکان بکرێت:
چەکدامالّین، یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوە.(DDR – Disarmament, Demobilization, and Reintegration)

**1-6-1چەکدامالّین (Disarmament)**
مەبەست لە چەکدامالّین تەنها لابردنی فیزیکیی چەک و تەقەمەنی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی فەرمی و بەرنامە بۆ داڕێژراوە کە کۆکردنەوە، تۆمارکردن، کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی چەکی بچووک، گوللە، ماددەی تەقەمەنی و چەکی قورس لە دەستی چەکداران و هەندێکجار هاووڵاتیانیش دەگرێتەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم هەنگاوە، کەمکردنەوەی مەترسییەکانی چەکە و ڕێگرتنە لە دروستبوونی کارەسات لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە، تا ڕێگە بۆ ئاشتی و سەقامگیری خۆش بکرێت.(UNDP, 2006)

### 1-6- 2 ئازادکردن (Demobilization)

ئەم پرۆسەیە بریتییە لە دەرکردنی فەرمیی ئەندامانی هێز و گرووپە چەکدارەکان لە چوارچێوەی سەربازی. لە زۆرێک لە بەرنامەکاندا، ئەم هەنگاوە قۆناغێکی کاتیی "دووبارە جێگیرکردنەوە (Reinsertion) "لەخۆدەگرێت، کە تێیدا یارمەتیی کاتی وەک هاوکاریی دارایی و ڕێنمایی پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی چەکدارانی پێشوو بتوانن لە قۆناغی گواستنەوەدا بۆ ژیانی مەدەنی خۆیان بگرن. هەروەها ئەم پرۆسەیە ڕێکخستنەوەی خێزان، پشتیوانیی دەروونی و فێربوونی پیشە لەخۆدەگرێت، تاکو ئەو کەسانە بتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە.(UNDP, 2006)

### 1-6- 3 یەکگرتنەوە (Reintegration)

**یەکگرتنەوە.** تێکەڵبوونەوە درێژترین و ئاڵۆزترین قۆناغی پرۆسەیDDR ـە. بریتییە لە پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە تێیدا چەکدارانی پێشوو یارمەتی دەدرێن تا بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی و مەدەنی. ئەم هەنگاوە میکانیزمەکانی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگە، دابینکردنی هەلی کار، دەرفەتی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی، هاوکاری لە گەڕانەوەی خێزان و دروستکردنەوەی متمانە لەنێوان ئەوان و هاووڵاتیاندا لەخۆدەگرێت. تێکەڵبوونەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و سەرکەوتنی بەندە بە توانای کۆمەڵگە بۆ وەرگرتنەوە و لەخۆگرتنی ئەم کەسانە(Rufer, 2005; Abdulghany, 2025).

### 1-6- 4 دۆکترینی سەربازی(Military Doctrine)

دۆکترینی سەربازی بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما، باوەڕ و ڕێنمایی فەرمی کە ئاراستەی هێزە سەربازییەکان دەکات لەبارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی هێز لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا. دۆکترینی سەربازی وەک "دەستێکی درێژکراوە"ی ستراتیژی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە سەیر دەکرێت، چونکە دیاری دەکات هێز بۆ چ ئامانجێک و لە چ سنورێکی سیاسی و ئەخلاقییەکدا بەکاردەهێنرێت. هەر گۆڕانکارییەک لە دۆکترینی سەربازیدا، زۆرجار ئاماژەیە بۆ گۆڕان لە تێڕوانینی دەوڵەت بۆ هەڕەشەکان، هاوپەیمانێتییەکان و پێگەی خۆی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا .(Grosu, 2021) لە چوارچێوەی بەرگریی نوێدا، گۆڕانکاری لە دۆکترینی سەربازیدا بە واتای وەڵامدانەوەی ستراتیژی دێت بۆ هەڕەشە ناهاوشێوەکان وەک تیرۆر و شەڕی پارتیزانی.(White, 2023; United States Air Force, 2020)

### 1-7-پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت:

-بەشی یەکەم: پێشەکیی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکە سەرەکیەکان دەخاتەڕوو.

-بەشی دووەم: پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە ئەدەبیاتی پێشوو دەکات و کەلێنە زانستییەکان دیاری دەکات.

-بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆژی،دیزاین،هەلبژاردنی کەیسەکان و سنوردارییەکانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

-بەشی چوارەم: شیکردنەوە و گفتوگۆ: پەرەسەندنی مێژوویی پەکەکە و سیاسەتی ئاسایشی تورکیا

-بەشی پێنجەم: ئاستەنگە شاراوەکان

بەشی شەشەم:. شیکاری بەراوردکاری :مۆدێلەکانی چەکدامالین(IRA-FARC)

بەشی حەوتەم: دەرئەنجام

بەشی هەشتەم:پێشنیارەکان

بەشی نۆیەم:لیستی سەرچاوەکان.

## 2: پێداچوونەوە بە ئەدەبیات

ئەم بەشە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە و بەراوردکاری بۆ چوار توێژینەوەی سەرەکی دەکات کە پەیوەندییان بە ململانێی پەکەکە و تورکیاوە هەیە. لێرەدا هەڵسەنگاندن بۆ میتۆدۆلۆژیا، دەرەنجامەکان و بۆچوونە تیۆرییەکانی هەر توێژینەوەیەک دەکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان و ئەو کەلێنانەی کە لە ئەدەبیاتی ئێستادا هەن. ئەم شیکارییە یارمەتیدەرە بۆ جێگیرکردنی توێژینەوەی ئێستا لەناو گفتوگۆی ئەکادیمیی گشتیدا و پیشاندانی بەهاکەی.

### Çandar, C. (2012)1-2

**ناونیشانی تویژینەوە :**

**Leaving the mountain': How may the PKK lay down arms? Freeing the Kurdish Question from violenc.**

بەجێهێشتنی چیا: پەکەکە چۆن دەتوانێت چەک دابنێت؟ ڕزگارکردنی پرسی کورد لە توندوتیژی.

توێژینەوەکەی چاندار لە ئەگەر و ئاستەنگەکانی پەیوەست بە چەکداماڵینی پەکەکە دەکۆڵێتەوە و پرۆسەکە لە چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دادەنێت. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاشتیی بەردەوام پێویستی بە شتێکی زیاترە لە چارەسەری سەربازی. هەروەها باس لەوە دەکات کە هەوڵەکانی چەکداماڵینی بەبێ چاکسازیی سیاسیی ڕیشەیی و چارەسەرکردنی ماف و ناسنامەی کورد سەرکەوتوو نابن.

شێوازی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە کە چاوپێکەوتن، لێکۆڵینەوەی کەیسی هاوشێوە و شیکاریی سیاسی لەخۆدەگرێت.

**ئامانجەکان:**

- شیکردنەوەی بەربەستەکانی بەردەم چەکداماڵینی پەکەکە
- پێشنیارکردنی چوارچێوەیەک بۆ ئاشتی بەردەوام
- هەڵسەنگاندنی فاکتەرە سیاسییەکان کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی تورکیا هەیە

**دەرەنجام:** چەکداماڵین پێویستی بە بەشداریی سیاسی و گەرەنتی بۆ مافەکانی کورد هەیە. ئاشتی ڕاستەقینە پشت بە دیالۆگی سیاسیی گشتگیر دەبەستێت، نەک تەنها چارەسەری سەربازی.

### (Gunes 2013) 2-2

**ناونیشانی تویژینەوە :**

**The Kurdish national movement in Turkey: From protest to resistance**

**بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا: لە نارەزاییەوە بۆ بەرخۆدان**

گونەش شیکردنەوەیەکی گشتگیر بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێشکەش دەکات و تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی پەکەکە. نووسەر دەڵێت سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی دەوڵەتی تورکیا کاریگەریی لەسەر تاکتیکەکانی پەکەکە هەبووە و ڕێگر بووە لە هەوڵەکانی چەکدامالین.

شێوازی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی شیکاریی مێژوویی-سیاسییە و شیکاری گوتاری پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا دەکات.

**ئامانجەکان:**

- لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییە ئایدۆلۆژی و تاکتیکیەکانی پەکەکە دەکات.
- هەڵسەنگاندنی وەڵامەکانی دەوڵەتی تورکیا و کاریگەرییان لەسەر ئاسایش.
- تێگەیشتن لە بەربەستەکانی بەردەم چەکدامالین

دەرەنجام: سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی دەوڵەتی تورکیا ڕێگرە لە هەوڵەکانی ئاشتی. بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش، تورکیا پێویستی بە چەکداماڵین پەکەکە و بەشدارییپێکردنی سیاسییان هەیە.

### (Özcan 2012)-3-2

**ناونیشانی توێژینەوە:**

**Turkey's Kurds: A theoretical analysis of the PKK and Abdullah Ocalan**

**کوردەکانی تورکیا: شیکارییەکی تیۆریی پەکەکە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان**

ئۆزجان ڕۆڵی سەرەکیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە داڕشتنی ئایدیۆلۆژیا و بڕیارە ستراتیژییەکانی پەکەکەدا دەخاتەڕوو. توێژینەوەکە باس لەوە دەکات کە ئامادەیی سەرکردایەتی و میانڕەویی ئایدیۆلۆژی، مەرجی سەرەکین بۆ چەکداماڵین، هاوکات ئیمتیازاتی سیاسیی دەوڵەتی تورکیاش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت.

**شێوازی توێژینەوە:** شیکاریی ناوەڕۆکی چۆنایەتی بۆ دەقە سەرەتاییەکانی پەکەکە، نووسینەکانی ئۆجەلان و بەڵگەنامە فەرمییەکان

**ئامانجەکان:**

- بە تیۆریکردنی پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژی پەکەکە.
- هەڵسەنگاندنی کاریگەری سەرکردایەتی لەسەر ئاسۆی ئاشتی و ئاسایش.
- ڕۆڵی دەوڵەتی تورکیا لە چەکداماڵینی پەکەکە.

**دەرەنجام:** چەکداماڵین پەیوەستە بە پراگماتیزمی سەرکردایەتی و ئیمتیازاتی سیاسییەوە. پێویستە هەردوو لا بە شێوەیەکی سیاسی کار لەسەر پەیوەندییەکانیان بکەن. (Özcan 2012)

### (Marcus 2009)-4-2

**ناونیشانی توێژینەوە :**

**Blood and belief: The PKK and the Kurdish fight for independence**

**خوێن و باوەڕ: پەکەکە و خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی**

مارکوس باسێکی وردی مێژوویی و ئێتنۆگرافی لەبارەی پەکەکەوە دەکات و پاڵنەر و پێکهاتە ناوخۆییەکانی دەخاتەڕوو. نووسەر بێمتمانەیی نێوان هەردوولا وەک بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم چەکداماڵیندا دەبینێت و پێی وایە بەبێ چاکسازیی سیاسی و ڕێوشوێنی متمانە دروستکردن، چەکداماڵین ئەگەرێکی دوورە.

شێوازی توێژینەوە: چاوپێکەوتن و شیکاریی بەڵگەنامەی و مێژوویی.

**ئامانجەکان:**

- تێگەیشتن لە هۆکارە ناوخۆییەکان کە کاریگەرییان لەسەر توندوتیژی و ئاشتی هەیە
- شیکاری بەربەستەکانی بەردەم چەکداماڵین

**دەرئەنجامەکان:** چاکسازی و متمانەی سیاسی بەردەوام بۆ داماڵینی چەک زۆر گرنگن , ئاشتی وچارەسەری ناکۆکیەکان تەنیا بە ڕێکاری سەربازی مسۆگەر نابن.

### 5.2.کەلێنی ئەدەبیات و بەشداری توێژینەوەی ئێستا

لەم بەشەدا بەراوردکاری ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ چوار توێژینەوەی سەرەوە دەکریت کە پەیوەندییان بە ململانێی پەکەکە و تورکیاوە هەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە گەڵ ئەو توێژینەوانە کە لەخستنەڕووی ئەدەبیاتی پێشو باس کراون خالی هاوڕایی هەیە ئەویش جەخت لەسەر چاکسازی سیاسی و چەکداماڵین دەکاتەوە ،لەگەل ئەوەشدا لە هەندێک خاڵدا جیاواز و ناکۆکن وەک توێژینەوەکەی چاندەر کە جەختێکی زیاتر لەسەر ڕۆڵی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە پرۆسەی ئاشتیدا دەکاتەوە،
لە لایەکی ترەوە، گونش لە توێژینەوەکەیدا ڕەخنەیەکی توند لە سیاسەتی سەپاندنی سەرکوتکاری دەوڵەتی تورکیا دەگرێت، وەک بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم ئاشتیدا دەیبینێت، و باس لە کاریگەریی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی پەکەکە لەسەر پرۆسەی ئاشتی ناکات.
پێداگری لەسەر ڕۆڵی سەرکردایەتی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لە گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژیای پەکەکە، لە توێژینەوەکەی ئۆزجان دا بەڕوونی دیارە، بەمەش پرسیار لەسەر ڕۆلی ئەکتەرە سیاسییە دەرەکییەکان لە بڕیارەکانی سەرکردایەتی پەکەکە بەجێدەهێڵێت.
لە کۆتاییدا، مارکۆس جەختێکی زیاتر لەسەر دینامیکییەتی ناوخۆیی پەکەکە (لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی) دەکاتەوە، کەلێنێک لەسەر ڕێکارە کردارییەکانی دروستکردنی متمانە لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا دەهێڵێتەوە.
توێژینەوەکانی پێشوو بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان لەسەر گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژییەکان، ستراتیژییە سەربازییەکان، ڕۆڵی سەرکوتکاری دەوڵەت، و چوارچێوە تیۆرییەکان کردووەتەوە. بەڵام، کەلێنێکی بەرچاو لە شیکردنەوەی وردی کاریگەرییەکانی چەکداماڵین لە پەکەکە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بەتایبەتی لەسەر کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و دۆکترینی سەربازیی ،کاریگەریی لەسەر ستراتیژیی دژەتیرۆر لە دوای داماڵینی چەک و دینامیکییەتی ناوچەیی (عێراق و سوریا) لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا.
ئەم توێژینەوە ئەم کەلێنە پڕ دەکاتەوە بە تیشک خستنە سەرکاریگەری چەکداماڵێنی لە پەکەکە نەک تەنها لە ڕووی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەڵکو لێکەوتە ستراتیژی و ئەمنییەکانیش دەخاتە ڕوو .بەم شێوەیە، توێژینەوەکە بەشدارییەکی نوێ دەکات لە تێگەیشتن لەوەی کە چۆن گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە دەتوانێت هەڵسەنگاندنێکی نوێ بۆ ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بهێنێتە ئاراوە

### 3–میتۆدۆلۆجی

### 3-1 دیزاینی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دیزاینی توێژینەوەی چۆنایەتی،چەندایەتی،بەراوروکاری و شیکردنەوە بەکاردەهێنێت لەسەر بنەمای میتۆدی لێکۆڵینەوەی کەیس. سروشتی ئاڵۆز و هەستیاری سیاسی چەکداماڵینی پەکەکە لەگەڵ پەیوەندیی بە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، پێویستی بە ڕێبازێک هەیە کە جەخت لەسەر قووڵبوونەوە بکات. لێکۆڵینەوەکە بە پلەی یەکەم تیشک دەخاتە سەر تورکیا، بەڵام لایەنە هەرێمیەکانی پەیوەست بە عێراق و سوریاش لەبەرچاودەگرێت بۆ ڕەچاوکردنی دینامیکی نێونەتەوەیی پەکەکە تێکەڵکردنی پێکهاتەی لێکۆڵینەوەی حاڵەتی بەراوردکاری بۆ بەستنەوەی دەرەنجامەکان بە کردارەکانی چەکداماڵینی جیهانی.
میتۆدۆلۆژی ئەو توێژینەوەیە بەشێوەیەک ڕێکخراوە:
- لێکۆڵینەوە لە تێڕوانینی ستراتیژی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیا دەکات.
- تێڕوانینی شارەزایان لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی
- پێداچوونەوە بە نمونە دوو مۆدیلی چەکداماڵینی گروپە یاخیبووان دەکات

–Irish Republican Army in Northern.(IRA)
–Ireland and the Revolutionary Armed Forces of Colombia. (FARC)

### 2-3- سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

بڵاوکراوە فەرمییەکانی حکومەتی تورکیا (وەزارەتی بەرگری، بەڕێوەبەرایەتی گەیاندنەکانن).
- وتار و لێدوانی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی تورکیا.
- بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆکانی پەرلەمان.
- توێژینەوە و کتێبە ئەکادیمییەکان لەسەر پەکەکە، دژەتیرۆر و جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە.
- لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەسەر پرۆسەکانی چەکداماڵینی(IRA) ئیرلەندا و (FARC)کۆلۆمبیا.

### 3-3- هەڵبژاردنی کەیسەکان و پاساو:

ململانێی پەکەکە و تورکیا وەک کەیسی سەرەکی هەڵبژێردراوە چونکە:
-یەکێکە لە درێژترین یاخیبوونەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
چوارچێوەیەکی دەوڵەمەند بۆ لێکۆڵینەوە لە دینامیکییەکانی چەکداماڵین دابین دەکات.
-پەیوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ بزووتنەوە کوردییەکان لە سوریا و عێراق، ڕەهەندێکی هەرێمی ئاڵۆز بە بابەتەکە دەبەخشێت.

یەکەکانی شیکردنەوەی ناو کەیسەکە بریتین لە: جگە لە کەیسی چەکداماڵینی پەکەکە ،چەکداماڵینی IRA ی ئیرلەندای باکوور و FARC لە کۆلۆمبیا حاڵەتێکی بەراوردکاریی پەیوەندیدارن کە تیشک دەخاتە سەر ئەو دەستکەوت و ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لە کاتی چەکداماڵینی گروپە چەکدارەکان کە تێوەگلاون لە یاخیبوونە نەژادی و سیاسییەکان.

### 4-3-مەودا و سنووردارێتییەکان

- سنووردارێتیی دەستگەیشتن بە داتا: بەهۆی سروشتی هەستیاریی بابەتەکە، ڕەنگە هەندێک زانیاریی فەرمی ناتەواو یان لایەنگرانە بن.
-بێ لایەنی سەرچاوەکان: بۆ بەدەستهێنانی شیکارییەکی بێلایەن و گشتگیر، توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگریتەبەر:
أ-فراوانکردنی سەرچاوەکان: جگە لە سەرچاوە ناوخۆییەکان، پشت دەبەستێت بە ڕاپۆرت و توێژینەوەی نێودەوڵەتی (وەک ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرچاوەی عەرەبی )
ب- بۆ دڵنیابوون لە بێلایەنی، توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی سێگۆشەیی (Triangulation) دەبەستێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی سێ جۆر سەرچاوەی جیاواز: (١) سەرچاوەی فەرمیی تورکیا، (٢) سەرچاوەی ئەکادیمیی نێودەوڵەتی، و (٣) ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان..
ج- گشتاندن (Generalizability): دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕەنگە بۆ ململانێکانی تر بە هەمان شێوە جێبەجێ نەکرێن، بەهۆی تایبەتمەندییە مێژوویی و جیۆپۆلەتیکییەکانی کەیسی پەکەکەوە.

### 5-3- ڕەچاوکردنی ئەخلاقی

-توێژینەوەکە پەیڕەوی ستاندارده ئەخلاقییەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی دەکات بە دڵنیابوون لە نهێنی بوونی هەر بابەتێکی چاوپێکەوتن، تەنانەت ئەگەر ناویشیان نەناسراو بێت.
-خۆلادان لە سیاسی کردن یان لایەنگری لە پێشکەشکردنی دەرەنجامەکان.
-زاراوەی هەستیار (وەک "تیرۆریست"، "یاخیبوو"، "جوداخواز") لە چوارچێوەی دەقدا بەکاردەهێنرێت و دان بە کاریگەرییە سیاسییەکانیدا دەنێت.

## 4-شیکردنەوە و گفتوگۆ:

### 4-1- پەرەسەندنی مێژوویی پەکەکە و سیاسەتی ئاسایشی تورکیا

پەکەکە لە ساڵی 1978 دا لە ژێر سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی مارکسی-لێنینی دامەزرا، کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سۆسیالیستی کوردی بوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (Marcus 2009)

لە ساڵی 1984، پەکەکە خەباتی چەکداریی دژی دەوڵەتی تورکیا دەستپێکرد، کە بووە سەرەتای یەکێک لە درێژخایەنترین و توندترین ململانێ ناوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.(Watts, 2011)ستراتیژیەکانی سەرەتایی بریتی بوون لە جەنگی گەریلایی، کوشتن و هێرش بۆ سەر ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان، کە هەموویان ئامانجیان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوەی کە وەک ئینکاری و دانپێدانەنانی سیستماتیکی ناسنامەی کوردی، زمان و مافە سیاسییەکانی کورد لەلایەن دەولەتی تورکەوە ئەنجام دەدران . (Gunter 2011)

بە درێژایی دەیەی 1980 و 1990، وەڵامی دەوڵەتی تورکیا بە زۆری سەربازی بوو؛ باری نائاسایی لە پارێزگا کوردنشینەکان ڕاگەیاند و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەرفراوانی ئەنجامدا. ئەم سیاسەتانە، کە زۆرجار پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی لەگەڵدا بوو، (Watts 2011) بووە هۆی کۆچی ناوخۆیی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان وحکومەتی تورک بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوە فەرمییەکاندا قەدەغەکرد و دەربڕینی ناسنامەی کوردی لە ژێر یاساکانی تیرۆردا تاوانبارکرد،بەمەش سووڕی زۆرداری و بەرەنگاربوونەوەی بەهێزتربوو. ( Yavuz 2001)

**4-2-گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ساڵی 1999** خاڵی وەرچەرخان بوو. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ڕاگەیاندنی ئاگربەستێکی یەکلایەنە لەلایەن پەکەکە و گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتیدا لە داوای سەربەخۆییەوە بۆ "کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی.ئۆجەلان، لە زیندانەوە، دەستی کرد بە پاڵپشتی "کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی"وەک مۆدێلێکی دەسەڵاتی لامەرکەزی کە جەخت لەسەر دیموکراسیی خاکی، یەکسانی ڕەگەزی و فرەڕەگەزی کولتووری دەکاتەوە(Jongerden 2024) بەڵام، دەوڵەتی تورکیا نەیتوانی وەڵامی هاوشێوە لەگەڵ چاکسازی بداتەوە، و لە کۆتاییدا دوژمنایەتییەکان لە سەرەتای دەیەی 2000 دا دووبارە دەستپێکردەوە.سەرەڕای بەردەوامی هەوڵە سەربازییە دووبارەبووەکان ,تورکیا لە دەیەی 2000 دا دەستی کرد بە گەڕان بەدوای چارەسەری سیاسی ،یەکێک لەو هەولانە پرۆسەی ئۆسلۆ (2008-2011) بوو،کە گفتوگۆی نهێنی لەنێوان بەرپرسانی هەواڵگریی تورکیا و کەسایەتییە دیارەکانی پەکەکە بوو،بەهۆی بێمتمانەیی و فشاری سیاسییەوە شکستیان هێنا (Gunter, 2024).

وەک لە خشتەی خوارەوەدا دیارە، پرۆسەکانی گفتوگۆ و ئاشتی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی قوربانییەکان هەبووە بە بەراورد بەو ساڵانەی کە توندوتیژی تێیاندا باڵادەست بووە.

| ساڵ | هێزە ئەمنییەکانی تورکیا | چەکدارانی پەکەکە | هاوڵاتیانی سڤیل | کۆی گشتی (نزیکەیی) |
|---|---|---|---|---|
| **2011** | 147 | 369 | 61 | **577** |
| **2012** | 119 | 538 | 74 | **731** |
| **2013** | 7 | 44 | 12 | **63** |
| **2014** | 9 | 28 | 21 | **58** |
| **2015** | 224 | 467 | 237 | **928** |
| **2016** | 741 | 1,231 | 473 | **2,445** |
| **2017** | 168 | 803 | 79 | **1,050** |
| **2018** | 151 | 698 | 68 | **917** |
| **2019** | 109 | 492 | 51 | **652** |
| **2020** | 82 | 401 | 36 | **519** |

خشتەی ژمارە (1) ژمارەی قوربانیانی ململانێی تورکیا-پەکەکە (2011-2020)

سەرچاوە(ICG) 2021)):

.وەک لە خشتەی (1)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت، ژمارەی قوربانیانی ململانێکە لە ساڵانی 2011 و 2012 (قۆناغی پێش ئاشتی) ژمارەکان بەرزن (577 و 731 کوژراو). ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ململانێیەکی چەکداریی چالاک و خوێناوی لە ئارادا بووە. ئەم دوو ساڵە بوونە زەمینەسازی بۆ ئەوەی هەردوولا بگەنە ئەو بڕوایەی کە ڕێگەچارەی سەربازی دژوارە و پێویستە بیر لە دانوستان بکرێتەوە.قۆناغی ساڵانی 2013 و 2014، هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی هەوڵێکی فەرمیتر بۆ چارەسەری پرسی کورد، کە بە "پرۆسەی ئاشتی"ناسراوبوو.ئەم پرۆسەیە لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، دەستی پێکرد و بریتی بوو لە دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان.لە ئامانجدا ئاگربەست ڕاگەیەندرا و توندوتیژییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە، هیوای چارەسەرییەکی سیاسی سەری هەڵدا و کەشێکی کراوەتر بۆ دەربڕینی کولتووری کوردی هاتە ئاراوە کە بووە هۆی دابەزینی ڕێژەی قوربانیان بۆ نزمترین ئاست لە ماوەی دەیەیەکدا. ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر سەرکەوتنی کاتیی پرۆسەی ئاشتی لە ڕاگرتنی خوێنڕشتندا. ژیانی سەدان کەس پارێزراو بوو ،بەڵام چەند هۆکارێک بوونە مایەی ئاڵۆزبوونی دۆخەکە؛ لەوانە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سووریا و دەرکەوتنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کە تورکیا وەک باڵی سەربازیی (پەکەکە) لە سووریا سەیری دەکرد. ئەمەش نیگەرانی و هەستی هەڕەشەی لەلایەن ئەنقەرەوە زیاد کرد.

هەڵوەشانەوەی پرۆسەی ئاشتی لە ناوەڕاستی ساڵی 2015 دا، دەرگای بەڕووی قۆناغێکی نوێ و خوێناوییتردا کردەوە. دانوستانەکان جێگەیان بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەرفراوان لە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان لێژ کرد. ئەم گۆڕانە لە سیاسەتدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و دراماتیکیی لەسەر ئاستی توندوتیژییەکان هەبوو(Barkey 2019)،ژمارەی کوژراوان بە خێراییەکی مەترسیدار بەرزبووەوە بۆ (928) کوژراو.بە پێی ئەم خشتە وداتایانە دەکرێت ساڵی 2016 بە **لوتکەی توندوتیژی و** کارەساتبارترین ساڵ دابنرێت،کە زیاتر لە 2400 کەس کوژراو لە هەردوولا هەبوون، هۆکاری سەرەکیی ئەمە شەڕی شارەکان بوو لە جزیرە، سوور، نسێبین، و شرناخ، کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی سڤیل و وێرانکارییەکی گەورەی لێکەوتەوە. هەروەها کودەتا شکستخواردووەکەی تەمموزیش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد.

داتاکان ئەو گریمانەیە دەسەلمێنن کە سیاسەتی ئەمنی- ئەنقەرە بووەتە هۆی پەرەسەندنی ململانێی چەکداری، نەک کۆنترۆڵکردنی. هەرچەندە لە ساڵانی دواتردا ڕێژەی قوربانیان کەمیکرد، بەڵام دۆخەکە هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ ئەو ئارامییەی کە لە سەردەمی دانوستانەکاندا بەدی دەکرا.

ساڵانی 2017 تا 202 بە قۆناغی "ئاساییکردنەوەی" شەڕ دەناسرێت ،ژمارەکان لە لوتکەکەی 2016 کەمترن، کەمبوونەوەی ژمارەی قوربانیانی سڤیل لەم قۆناغەدا بەهۆی دوورکەوتنەوەی شەڕ لە ناوەندە قەرەباڵغەکانەوەیە، و ململانێکە لە شارەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ گوندەکان و ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان بەڵام هێشتا ژمارەی قوربانیان لە ئاستێکی بەرز بوون.

دەرەنجامی گشتی لەم خشتەیەوە: خشتەکە بە زمانێکی ژمارە سادە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە: دانوستان و پرۆسەی ئاشتی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ئەرێنی لەسەر ڕاگرتنی خوێنڕشتن هەبوو. لە بەرامبەردا، گەڕانەوە بۆ بژاردەی سەربازی و سیاسەتی ئەمنی-سەنتەر، بووە هۆی کارەساتێکی مرۆیی و بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بە شێوەیەک کە لە چەندین ساڵی پێشتردا وێنەی نەبووە.

### 3-4. چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا

دۆکترینی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ڕەگی لە بنەماکانی کەمالیزمدا هەیە،وەک یەکپارچەیی خاک،عەلمانییەت و سەروەری دەوڵەت هەیە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم پرەنسیپانە وەک وەڵامێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەڕەشەکانی دواتر ڕووبەڕووی کۆمارە تازە دامەزراوەکە بوونەوە. بە تێپەڕبوونی کات،

ئاسایشی نەتەوەیی زیاتر جەختی لەسەر پرسە ئەمنییەکان کردەووە، بەتایبەتی سەبارەت بە تەحەداکانی نەژادی و ئایدۆلۆژی، دیارترینیان پرسی کورد و سەرهەڵدانی پەکەکە (Kirisci and Winrow 2013)
پەکەکە لەلایەن تورکیا، ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا وەک گروپێکی تیرۆریستی ناسرا وهەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی و یەکێتی ناوخۆیی تورکیا تەماشا دەکرێت.لە ئەنجامدا، ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە بووەتە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی بەرگری و ناوخۆی تورکیا.کردەوەکانی گروپەکە لەوانە هێرشی چەکداری لە باشووری ڕۆژهەڵات و ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوورەکانی عێراق و سوریا وەک مەترسی ئاسایشی ناوخۆیی و کێشەی ستراتیژی ناوچەکە و تورکیا دەبینران .

**دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەت کە بەرپرسن لە دژە تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بریتین لە:**
أ-**هێزە چەکدارەکانی تورکیا:** لە مێژوودا بەهێزترین دامەزراوە لە تورکیادا، هێزی چەکداریە چەندین ئۆپەراسیۆنی دژ بە مۆڵگەکانی پەکەکەی بەڕێوەبردووە، بەتایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و هەرێمی کوردستان. ولەو دواییانەدا گۆڕانکاری مەزهەبی بەسەردا هاتووە و کە تاکتیکی جەنگی جوڵاو وگونجاوی بۆ دژە یاخیبوون گرتۆتەبەر( Çandar 2012)

ب-**دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی**:کە ڕۆڵی سەرەکی لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ورد لە عێراق و سووریا دەگێڕێت.لەم کۆتاییانەدا بەرپرسیارێتییەکانی دەزگاکە گەشەی کردووە و نەک تەنها کۆکردنەوەی هەواڵگری بەڵکو ڕۆڵی ئۆپەراسیۆنی و دیپلۆماسیش گرتۆتەوە ئەستۆ، لەوانە بەشداریکردن لە پرۆسەی ئاشتی 2013-2015 (Golmohammadi 2021)

ج-**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی**:هێزەکانی پۆلیسن و لە ئۆپەراسیۆنەکانی ناو شارەکاندا کاردەکەن،هاوکاری هەواڵگری، و چاودێریکردنی ئەو کەسانە دەکەن کە گومانیان لێدەکرێت هاوسۆز بن لەگەڵ پەکەکە لە سەرانسەری وڵاتدا.

لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد تورکیا لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە لە جێگەی ئەولەویەت دان بە چارەسەری کەلتووری و سیاسی، بەشێوەیەکی سەرەکی سیاسەتی دەوڵەتەکەی بەسەربازیکردووە کە ئەگەری دیالۆگی سیاسی یان بەشداری مەدەنی سنووردار دەکات، ئەم ستراتیژە ئەمنیە توندانە چوارچێوەیەکی سیاسی توندڕەویان دامەزراندووە، هێزە ئەمنییەکان بەپێی یاسای ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتێکی فراوانیان پێدەدراوە کە تێیدا زۆر جار پەکەکە یەکسان دەکرێت بە تیرۆر (Watts 2011)
هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی 2016 بارودۆخی ئەمنی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕی و دوای کودەتاکە، حکومەتی تورکیا پاکتاوێکی بەرفراوانی لە سوپا و پۆلیس و دەزگایە دادوەریەکان ئەنجامدا و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی جێبەجێکاری لە نووسینگەی سەرۆکایەتیدا چڕکردەوە. هەروەها، سیستەمی سەرۆکایەتی لە ساڵی 2018 دامەزرا و بڕیاردان لە ئاسایشی نەتەوەیی لە نووسینگەی سەرۆک ئەردۆغان زیاتر چڕکردەوە و ڕۆڵی سەرۆکایەتی لە بەرگری و بۆردی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوە بەهێزتر کرد.(Gürcan 2017)
هاوتا بوونی هەڕەشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ئاسایشی ناوخۆی تورکیای لێڵ کرد. بەهۆی پەیوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە سوریا کە ئەنقەرە بە درێژکراوەی پەکەکە پێناسەی دەکات،تورکیا چەندین کردەوەی سەربازی لە سنوورەکان ئەنجامدا، وەک ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات (2016)، ئۆپەراسیۆنی لقی زەیتوون (2018) و ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی (2019). ئەم دەستێوەردانە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیایە کە ئێستا بەرگری پێشوەخت و دۆکترینی سەربازی پێشوەخت لەخۆ دەگرێت بۆ بێلایەنکردنی هەڕەشەکان پێش گەیشتن بە خاکی تورکیا (Kasapoglu and Kasapoglu 2017)
بەکورتی، ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە جەختکردنەوەی بەردەوامی بۆ ئاسایش پێناسە دەکرێت. هەرچەندە سەرکەوتنی تاکتیکی دەستبەجێی لە دژی پەکەکە بەکارهێناوە، بەڵام کاریگەرییە درێژخایەنەکانی وەک تەسک بوونی

دیموکراسی، ناسەقامگیری لە ناوچەکە و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگای کوردی، بەردەوام بوون لە دروستکردنی ئاستەنگ بۆ ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا.

### 4-4. ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

دینامیکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ململانێی پەکەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەگەری چەکداماڵینی و لێکەوتەکانی دەگۆڕێت ، بەتایبەت سروشتی نێونەتەوەیی پەکەکە و بوونی ئۆپەراسیۆنی لە عێراق و سوریا و تۆڕە ئاڵۆزەکانی هاوپەیمانێتی، لێکدانەوەکانی ئاسایشی تورکیا ئاڵۆزتر دەکات و سنوورەکانی ستراتیژی ڕووبەڕووبونەوە یاخیبوونی ناوخۆیی گەورەتر دەکات.

بارەگای سەرەکی پەکەکە لە چیاکانی قەندیل دەکەوێتە هەرێمی کوردستان، بە بنکەیەکی ستراتیژی سەرەکی بۆ چاودێریکردنی ئۆپەراسیۆنەکان، بەڕێوەبردنی لۆجستیکی ومەشق دادەندرێت(Gunter, 2011). سەرەڕای بەردەوامی چالاکییە سەربازییەکانی تورکیا، کە بریتی بوو لە هێرشی ئاسمانی و ئۆپەراسیۆنی زەمینی لەسەر سنورەکانی کوردستان و لەگەڵ سەرکۆنەکردنی فەرمی بەردەوامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە لە ناو خاکەکەیدا،سەربەخۆیی ڕێژەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستەنگ بوو لە بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییە هەمیشەییەکانی تورکیا. (Watts 2009)

لە سوریا بارودۆخەکە زۆر هەستیارتر بوو، (یەپەگە) وەک هێزی زەمینی سەرەکی هاوپەیمانی دژی داعش بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ژێر چەتری هێزەکانی سوریای دیموکرات دەرکەوتن. هەرچەندە ئەم هاوپەیمانێتییە لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژەتیرۆردا کاریگەر بوو، بەڵام ناکۆکی گەورەی لەنێوان ئەنقەرە و واشنتندا دروستکرد چونکە تورکیا یەپەگە بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دەبینێت بەهۆی بەهێزی پەیوەندییە ئایدۆلۆژییەکەیان لەگەڵ پەکەکە. بەمەش هەستی دژە ئەمەریکی لەناو تورکیادا سەرهەڵدەدات و ئەنقەرەی ناچار بوو ڕێوشوێنی ئەمنی تاکلایەنە بگرێتەبەر، لەوانە ئۆپەراسیۆنی سەربازی وەک ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی (2019) بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا(Çağaptay 2020)

بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافی،ئێرانیش بەشێکی بەدەر نیە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکە. ڕێکخراوە کوردییەکانی ئێران وەک پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک) بەهۆی ئایدۆلۆژیای هاوبەش لەگەڵ پەکەکە، کاریان دەرکرد لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراق.سەرەڕای وەڵامە هاوبەشەکانی ئەنقەرە و تاران بۆ هەڕەشەکان، ئاستەنگ بوو ڕێبازێکی هاوئاهەنگ بۆ چەکداماڵین لە ناوچەکە دروستبکرێت بەهۆی کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی نێوان هەردوو وڵات، بەتایبەتی کاتێک هەڵوێستی ناڕوونی ئێران بەرامبەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات هاوسەنگییەک لە نێوان سەرکوتی ناوخۆیی و کاریگەری دەرەکی دەردەخات.(Sinkaya 2004)

هەروەها، لەسەر ئاستی نێودەولەتی هەڵوێستی ناجێگیری لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان لەوانە یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ، ڕێگربوون لە کاریگەری هەر بۆچوونێکی هەمەلایەنە بۆ مەسەلەی پەکەکە. هەرچەندە یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بە فەرمی پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسێن،وڵاتانی ئەوروپا وەک ئەڵمانیا، سوید و بەلجیکا کەمترین چالاکیان جێبەجێ کردووە لە دژی تۆڕەکانی سەر بە پەکەکە و هەندێک جار لایەنگری پەکەکە پێیانەوەدیارە، بەمەش زۆرجار تورکیا بە بیانووی پەنابەرێتی سیاسی یان ئازادی ڕادەربڕین وپشتیوانی لە تیرۆر ڕەخنەیان لێدەگرێت (Romano 2006)

هاوپەیمانانی تورکیا لە ناتۆ، بەتایبەتی ئەمریکا، ڕووبەڕووی کێشەیەکی ستراتیژی دەبنەوە: پێویستە ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و بە پشتیوانیەکانیان بۆ یەپەگەو لەهەمان کاتدا هاوپەیمانێتیەکەیان بپارێزن لەگەڵ ئەنقەرە. ئەم دۆخەش نەک تەنها پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دەخاتە ژێر فشارەوە، بەڵکو متمانەی تورکیا بە چوارچێوەی گشتی ئاسایشی ناتۆش کەم دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هانی ئەنقەرە دەدات لە دەرەوەی ڕۆژئاوا بەدوای هاوبەشی ئەمنی بگەڕێت، بەتایبەتی لەگەڵ ڕوسیا کە ناوبەناو وەک نێوەندگیری لەنێوان هێزە کوردییەکان و رژێمی سوریادا ڕۆڵی گێڕاوە و دینامیکی

ناوچەکەی ئاڵۆزتر کردووە(Barkey 2019)

بەبێ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵۆزییە هەرێمیە و دژایەتییە جیۆپۆلەتیکیانە، هەوڵەکان بۆ چەکداماڵینی پەکەکە ناتەواو دەبن یان دەشێت پووچەڵ بکرێنەوە یان لە ڕووی ستراتیژییەوە کاریگەر نەبن. چارەسەری هەمیشەیی پێویستی بە ستراتیژێکی دیپلۆماسی هەمەلایەنە هەیە کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا لەبەرچاو بگرێت، ناوچە کوردییەکان لە سوریا و عێراق سەقامگیر بکات و سیاسەتە جیهانییەکان سەبارەت بە ڕێکخراوە چەکدارە کوردییەکان ڕێکبخرێت.

**4-5-کاریگەرییەکانی چەکداماڵینی پەکەکە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی** چەکداماڵینی پەکەکە دەرەئەنجامی دوورودرێژی دەبێت بۆ چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، و دەبێتە هۆی سەقامگیری ناوخۆیی و بەهێزی پێگەی نێودەوڵەتی، هەروەها مەترسی و تەحەدایەکی بەرچاو لە جێبەجێکردندا دەخاتە ڕوو کە پێویستی بە ئامادەکاری ستراتیژی زۆر وورد هەیە.

**کاریگەری پۆزەتیڤ**

**4-5-1- (بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆ)**

دەستبەجێترین سوودی چەکداماڵینی پەکەکە بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆ وکەمکردنەوەی ململانێی چەکداری دەبێت، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە زۆرترین پێکدادانەکان لەوێ ڕوویانداوە. هەروەها ڕاگرتنی شەڕ و گوشارەکان لەسەر هێزە چەکدارەکانی تورکیا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەزگا هەواڵگرییەکان کەم دەکاتەوە و ڕێگە بە دووبارە پێوانەکردن و داڕشتنی ئەولەویاتی بەرگری نیشتمانی دەدات. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قوربانیانی سەربازی و مەدەنی و زیادکردنی ئاسایشی گشتی و ئاساییکردنەوەی ژیان لەو ناوچانەی کە لە مێژوودا شەڕیان لەسەرە.(Çandar 2012)

**4-5-2-سەقامگیری سیاسی و دیموکراتیزەکردن** چەکداماڵێنێکی بەپلان و سەرکەوتوو دەتوانێت بناغەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد دروست بکات و ڕێگە بە تورکیا بدات چاکسازی دیموکراتی دەستپێبکات کە مافی کولتووری و سیاسی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی کورد دابین بکات. دەستپێشخەریەکانی ئاشتی ڕابردوو، وەک پرۆسەی ئاشتی 2013-2015، نیشانی دا کە ئاستی نزمی توندوتیژی و ململانێیەکان دەتوانێت ببێتە هۆی دەرفەتی دیموکراسی زیاتر بۆ دیالۆگ و حوکمڕانی خۆجێی (Güneş, 2012). کەواتە دەتوانین بڵێین چەکداماڵین تەنها دەستکەوتێکی ئەمنی نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی پەیوەندیەکی گرنگە لە نێوان دەوڵەت و کەمایەتیەکاندا.

**4-5-3 گەشەی ئابووری و پەرەپیدانی هەرێم:** ئاسایش بۆ گەشەپێدان و بەردەوامی ئابووری زۆر گرنگە. داماڵینی پەکەکە لە چەک ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنانی گشتی و تایبەتی زیاتر دەکات لە پارێزگا گەشەنەسەندووەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لەوانەش لە بوارەکانی وەک ژێرخان، گەشتوگوزار و کشتوکاڵ ( Yavuz and Özcan 2006)ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانی ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو ناوچانەی بەهۆی ململانێکانەوە زیانیان پێگەیشتووە، گەشەنەسەندنی بەردەوامیان پێ نەگەیشتووە ، بەڵام بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیری دەتوانن توانای ئابووری خۆیان دەربخەن و ئەوەش یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەی ئابووری نیشتمانی و یەکسانی لە ناوچەکان.

**4-5-4- بەهێزکردنی دژە تیرۆر و نەرمی ستراتیژی** لەگەڵ کەمبوونەوەی هەڕەشەی پەکەکە، تورکیا دەتوانێت سەرچاوەی سەربازی و هەواڵگری بۆ هەڕەشەی سەرهەڵدانەوەی وەک داعش، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و تاوانی ڕێکخراو تەرخان بکات. ئەمە هەلوێستی بەرگری تورکیا لەگەڵ هەڕەشە دووڕەگەزییە هاوچەرخەکان ڕێکدەخات و وەڵامدانەوەی ستراتیژی لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەمنیدا باشتر دەکات(Golmohammadi 2021).سەرەڕای ئەوەش، بەرەیەکی ناوخۆیی سەقامگیر دەستی تورکیا لە کۆڕ و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا بەهێز دەکات، بەتایبەتی ناتۆ و هاوپەیمانە ناوچەییەکان.

**5- ئاستەنگە شاراوەکان**

**5-1. مەترسی گروپە جیابووەوە و تێکدەرەکان** یەکێک لە مەترسییە هەرە گرنگەکانی پەیوەست بە پرۆسەی چەکداماڵین، وەک لە ڕێککەوتنی ئاشتی (FARC) لەگەڵ (IRA) تێبینی کراوە، سەرهەڵدانی گروپە جیابووەکانە. ئەو ئەندامانەی کە توندڕەون یان ئایدۆلۆژیای نەرم و چارەسەری سیاسی ڕەتدەکەنەوە، دەتوانن لە ژێر ناسنامەی جیاوازدا بەرگری چەکداری بکەن یان بەشداری چالاکی تاوانکارانە بکەن(Cardenas 2002). لە پەکەکەدا، بوونی پێکهاتەی فەرماندەیی لامەرکەزی و تێڕوانینی ئایدۆلۆژی جیاواز دەتوانێ ڕێگر بێت لە هەوڵەکانی چەکداماڵین و ئەگەری پەرتەوازەیی زیاد بکات.

**5-2-بۆشایی هێزی ناوچەیی و ڕێکخستنەوەی ستراتیژی** کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و سوریا دەتوانێ دینامیکی هێزی ناوخۆیی بگۆڕێت، لەوانەیە گروپە کوردییە ڕکابەرەکان یان گروپە ئیسلامییەکان بەهێز بکات، یان ڕێگە بە زیادکردنی کاریگەری ئێران بدات لە ناوچە جێناکۆکەکان (Gunter, 2011). نەبوونی ڕێوشوێنی ئاسایشی هەماهەنگی لە ناوچەکەدا، لەوانەیە ناسەقامگیری لە ناوچە سنووریەکان دروست بکات بکات، بەتایبەتی ئەگەر هێزەکانی سوریای دیموکرات بەبێ ڕێنمایی پەکەکە یەکڕیزی ئۆپەراسیۆنەکانیان لەدەست بدەن.

**5-3جەمسەرگیری سیاسی ناوخۆیی و ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالیستی** لەناو تورکیادا، هەر دەستبەرداربوونێک بە پەکەکە، تەنانەت سەبارەت بە چەکداماڵین، لەوانەیە کاردانەوەی پارتە سیاسییە ناسیونالیستەکان و بەشێک لە خەڵک لێبکەوێتەوە کە پەکەکە بە هەڕەشەیەکی بنەڕەتی دەزانن . بەرهەڵستی سیاسی پارتەکانی وەک پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (MHP) لەوانەیە پشتگیری پەرلەمان بۆ دەستپێشخەری سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوە لە کۆمەڵگا و گۆڕانکاری دەستووری لاواز بکات(Watts 2011). ژینگەی میدیایی دابەشکراو و بێ متمانەیی مێژوویی ڕێگرە لە ڕێکەوتنی خەڵک لەسەر بنیاتنانی ئاشتی.

**5-4-ئاڵۆزی سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوە لە کۆمەڵگا و دادپەروەری ئینتیقالی** سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی چەکدارانی پێشووی پەکەکە ئاڵەنگارییەکی گەورە دروست دەکات. پێویستە پرۆگرامەکان هاوسەنگییەک لە نێوان نیگەرانییەکانی ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بدۆزنەوە، هاوکات دەرفەتی ئابووری و پاڵپشتی دەروونی و پەرەپێدانی قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی دابین بکەن. سەرەڕای ئەوەش، دەبێت میکانیزمەکانی دادپەروەری ئینتقالی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەیی ڕابردوو، لەوانەش ئەوانەی پەکەکە و ئەکتەرەکانی دەوڵەت ئەنجامیان داوە بدۆزرێتەوە (Ozerdem and Jacoby 2008). فەرامۆشکردنی ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی بەردەوامی سکاڵا و بەردەوامی سووڕی توندوتیژی لە داهاتوودا.

**6-شیکاری بەراوردکاری :مۆدێلەکانی چەکداماڵین:**

بۆ بەهێزکردنی لێکدانەوەی ئەگەری چەکداماڵینی (پەکەکە)، پێویستە بە وردی شیکاری دوو مۆدێلی سەرکەوتووی چەکداماڵین بکەین: سوپای کۆماری ئێرلەندی (IRA) لە ئێرلەندای باکوور و هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC) لە کۆلۆمبیا. هەرچەندە هیچ حاڵەتێک ڕاستەوخۆ هاوتەریبی بارودۆخی تورکیا لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵام چەکداماڵین لەم دوو هێزە ئەزمونێکی گرنگیان سەبارەت بە ئەگەر و ئاستەنگەکانی چەکداماڵینی گروپە چەکدارە سیاسیەکان پێشکەشکرد.

ئەم بەراوردکارییەی نێوان مۆدیلەکان نیشان دەدات کە چەکداماڵین تەنها پرۆسەیەکی تەکنیکی نییە، بەڵکو زنجیرەیەک لە هەنگاوی و قۆناغی سیاسیی ئاڵۆزە و پێویستی بە مەرج و میکانیزمی تایبەت هەیە.

**1-6 – مۆدێلی چەکداماڵینی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (IRA)**

لە ئیرلەندای باکوورگۆڕانی IRA لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ تێوەگلانی سیاسی یەکێکە لە حاڵەتە کاریگەرەکانی چەکداماڵین. ئەم گۆڕانکارییە بە ڕێکەوتنی ساڵی 1998 ناسرا ، کەبوە هۆی دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەشی دەسەڵاتدار و هاوکاری بەریتانیا و ئیرلەندای بەهێز کرد و دڵنیایی بۆ بەشداری سیاسی و مافەکانی مرۆڤ پێشکەش کرد.(Congress.gov 2025) ئەم پرۆسەیە لەلایەن کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی سەربەخۆ پەسەند کراو و پشتگیرییەکی بەهێزی ناوبژیوانی دەرەکی بەدەست هێنا، بەتایبەتی لە ئەمریکا، لەگەڵ بنیاتنانی متمانە وەک ئازادکردنی زیندانیان و گۆڕانکاری لە پۆلیسدا (Ginty 2006)

هەرچەندە ئەم پرۆسەی ئاشتیە زۆر ئاسان نەبوو. پێویستی بە متمانە و دڵنیابوون بوو،ئەویش لە ڕێگەی دیالۆگێکی گشتگیرەوە پەرەی پێدرا و چارەسەری سکالا مێژووییەکانی هەردوو یەکێتی پرۆتستانت و ناسیۆنالیستە کاسۆلیکییەکان کرد. ئەم ئەزموونە جەخت لەسەر گرنگی دانپێدانانی یەکتری، چەسپاندنی مافی کەمایەتیەکان و ئارامگرتن لە کاتی دیاریکراو دەکاتەوە، کە هەمووئەو مەرجانە هێشتا جێی مشتومڕن یان وەک پێویست گەشەیان نەکردووە لە چوارچێوەی تورکیادا(Guelke 2012) ئەگەر لەچوارچێوەی ساسیەوە بەراوردی بکەینلەگەڵ PKK ، ئەوا IRA ئامانجەکانی گۆڕا لە گرتنەبەری توندوتیژییەوە بۆ بەشداریی سیاسی،باڵی سیاسیی IRA، کە شین فەین (Sinn Féin) بوو، ڕێگەی پێدرا بەشداری لە پەرلەمانی ناوخۆیی ستۆڕمۆنت (Stormont) بکات(Media 2025). ئەمە گەرەنتییەکی سیاسیی بەهێز بوو کە نیشانی دەدا خەباتی سیاسی جێگەی خەباتی چەکداری دەگرێتەوە. بەلام دۆخەکە لەگەڵ PKK جیاوازە هەرچەندە ئەویش باڵی سیاسیی هەیە وەک (HDP)(People's Democratic Party) کە یەکەم پارتی سیاسی بوو لایەنگری کوردی دەکرد و توانی لە ساڵی 2015 دا 10% ی هەڵبژاردنەکان تێپەڕێنێت و بچێتە پەرلەمانی تورکیا. ئەم پارتە وەک باڵی سیاسیی بزووتنەوەی کوردی دادەنرێت و لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بەردەوام تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کە پەیوەندیی بە (PKK) هەروەها(DEM) (Peoples' Equality and Democracy Party) بە نوێترین زنجیرەی پارتە لایەنگرەکانی کورد لە تورکیادا دەناسرێت . بەهۆی هەوڵەکانی حکومەت بۆ داخستنی HDP، بزووتنەوەی سیاسیی کورد ناچار بوو پارتێکی نوێ دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی وەک "پارتی یەدەگ" یان "پارتی جێگرەوە" بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات. لێرەدا جیاوازی نێوان PKK و IRA دەردەکەوێت کە ئەو دوو پارتە ناتوان ڕۆڵی شین فەین ببینن، چونکە تورکیا هێشتا بە تەواوی دان بە شەرعییەتی سیاسیی ئەم پارتانەدا نانێت و بەردەوام هەوڵی داخستنیان دەدات.

خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە میکانیزمی چەکداماڵین هەیە لەگەڵ IRA پرۆسەکە لەلایەن کۆمیسیۆنی سەربەخۆی چەکداماڵین (Independent International Commission on Decommissioning – IICD) سەرپەرشتی دەکرا، کە نێوەندگیرێکی سێیەمی بێلایەن بوو(Media 2025). بەهۆی نەبوونی یان کەمی متمانەی نێوان تورکیا و PKK، PKK پێویستی بە لایەنێکی سێیەمی نێودەوڵەتیی باوەڕپێکراو هەیە بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی چەکداماڵینەکە.چەکداماڵینەکەی IRA بە چەند هەنگاو و بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام درا، نەک بە یەکجار و لەبەردەم کامێراکاندا(Council 2025). ئەم نهێنییە پارێزگاری لە شکۆمەندی IRA کرد،پیوێستە دەرچەیەکی هاوشێوە بۆ PKK بدۆزرێتەوە کە شکۆمەندیی تێدا پارێزراو بێت.

لە ساڵی 2005 IRA بە تەواوی چەکەکانی داماڵی و کۆتایی بە خەباتی چەکداری هێنا، لە بەرامبەردا شین فەین بووە هێزێکی سیاسیی سەرەکی و بەشدار لە حکومەتدا کرد.(Democracy 2017) مۆدێلی ئێرلەندای باکوور نیشان دەدات کە چەکداماڵین تەنها کاتێک ڕوو دەدات کە باڵی سیاسیی گروپەکە بە تەواوی لە سیستەمی سیاسیی فەرمیدا جێگیر بکرێت و گەرەنتیی ئەوە هەبێت کە ئامانجە سیاسییەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە بەدی دەهێنرێن.

**2-6– مۆدێلی چەکداماڵینی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا (FARC)** :لە کۆلۆمبیا پرۆسەی ئاشتی کۆلۆمبیا کە لە ساڵی 2016 لە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کۆلۆمبیا و فارک گەیشتە لوتکە ،وپرۆسەکە زۆر فراوان و گشتگیر

بوو و تەنها چەکداماڵینی نەگرتەوە ،بەلکو جەختی لەسەر گرنگی چەکداماڵین، ئازادکردن و سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە دەکرد.دەستپێشخەرییەکانی بۆ پەرەپێدانی لادێکان و ڕێوشوێنەکانی دادپەروەری کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی دادوەری تایبەت بۆ ئاشتی ئەنجام دەدرا.ڕێککەوتنەکە چەندین بواری لەخۆگرتبوو، لەوانە چاکسازیی زەوی وزار، بەشداریی سیاسیی چەکدارانی پێشوو، و دادپەروەریی گواستنەوەیی FARC (.(Bihan-Poudec (2020) گۆڕا بۆ پارتێکی سیاسیی فەرمی و گەرەنتی بەشداری کردن لە پەرلەماندا پێیاندرا.((Palik (2025, February 17)

PKKوەک FARC داوای چاکسازیی سیاسیی گشتگیر دەکات، نەک تەنها ئاگربەست. مۆدێلی کۆلۆمبیا نیشان دەدات کە بەشداریکردن لە پەرلەمان ڕێگەیەکی سەرکەوتووە و گەرەنتیە بۆ گۆڕینی چەکدارەکان بۆ سیاسەتمەدار.

سەرەڕای پشتیوانی نێودەوڵەتی بەرفراوان، وەک پەسەندکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان، قۆناغی جێبەجێکردن ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە، وەک سەرهەڵدانی گروپە دابڕاوەکانی FARC، مەترسی ئەمنی بۆ جەنگاوەرانی پێشوو و دواکەوتن لە جێبەجێکردنی پابەندییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان دروست دەکات (Cardenas 2002)

بارودۆخی کۆلۆمبیا ئەوە دەردەخات کە چەکداماڵین دەبێت لەگەڵ پاراستنی یاسایی بەهێز، ڕێوشوێنی ئاسایشی پاش شەڕ و پلانی کاریگەری تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا هاوکات بێت.

لە نموونەی FARC نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی پرۆسەکەی (DDR)دەکر.(Council 2025) چەکدارەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کۆکرانەوە و چەکەکانیان گۆڕدرا بۆ هێمای ئاشتی وەک دروستکردنی قەڵەم لە فیشەک).(Thomson 2020)

بەشداریی ڕاستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک لایەنێکی سێیەمی باڵا، بۆ پەکەکە و تورکیا زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی متمانە.

هەروەها مۆدێلی کۆلۆمبیا پێشنیاری چارەسەرێکی مامناوەند دەکات کە لەسەر بنەمای دادپەروەریی نێودەوڵەتی بێت. ، بۆیە سیستەمێکی دادپەروەری تایبەت دامەزرا کە ڕێگەی بە چەکدارانی پێشوو بدات لە سزای زیندان ڕزگاریان بێت لە بەرامبەر دانپێدان بە تاوانەکانیاندا،ئەمەش وەک گەرەنتییەکی ئەمنی بوو بۆ چەکدارەکان ،بەڵام ئەمە ئاڵنگارییەکی گەورەیە بۆ پەکەکە، چونکە تورکیا داوای لێپێچینەوەی توندیان لێ دەکات. دەرەنجامی بەراوردکاری و پەیوەندی بە پەکەکەوە

تێڕوانینی بەراوردکاری بۆ تورکیا لەگەڵ هەردوو کەیسەکە تیشک دەخەنە سەر هۆکارە سەرەکییەکان بۆ چەکداماڵینی سەرکەوتوو:

1-پێدانی شەرعییەتی سیاسی: پەکەکە پێویستی بە گەرەنتیی بەشداریی سیاسیی باڵە سیاسییەکەی هەیە وەک ARI, FARC

2-سەرپەرشتیاریی نێودەوڵەتی: پێویستە لایەنێکی سێیەمی بێلایەن (وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان یەکێتیی ئەورووپا) سەرپەرشتی پرۆسەی DDR بکات، کە متمانەیەکی بەهێز بەرجەستە دەکات و پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکان مسۆگەر دەکات.

3-پرۆسەیەکی گشتگیر: ڕێککەوتنەکە دەبێت تەنها چەکداماڵین نەبێت، بەڵکو چاکسازیی سیاسی، کولتووری، و میکانیزمی دادپەروەریی گواستنەوە لەخۆ بگرێت.

4-پێکهاتەی حوکمڕانی گشتگیر: ڕێگە بە گروپە چەکدارەکانی پێشوو دەدات بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن. - بەشداری نێوەندگیری لایەنی سێیەم و گەرەنتی نێودەوڵەتی

5-سیستەمێکی یاسایی بۆ دادپەروەری ئینتقالی کە هاوسەنگییەک بدۆزێتەوە لە نێوان لێپرسینەوە لە تاکەکان و هاندانی ئاشتبوونەوە .

6-دروست کردنی پرۆگرامی ئابووری و دەروونی سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوە لە کۆمەڵگە بۆ دابینکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی جەنگاوەرانی پێشوو و ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەهۆی شەڕەوە زیانیان بەرکەوتووە.

**7- ڕاسپاردەکان بۆ ئەوەی پرۆسەی چەکداماڵینی پەکەکە سەرکەوتوو بێت، پێویستە تورکیا ڕێبازێکی هەمەلایەنە بگرێتەبەر :**

–دیالۆگی گشتگیر: کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد لە سەرکردایەتی پەکەکە بەشداری بکات بۆ پەرەپێدانی شەرعییەتی و بەردەوامی.

– ڕێوشوێنی متمانەسازی: کەمکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوچە ئارامەکان، ڕێگەدان بە ئازادی کولتووری زیاتر، و پاڵپشتیکردنی پەروەردە لە ناوچە کوردنشینەکان.

– میکانیزمەکانی دادپەروەری ئینتقالی: دامەزراندنی کۆمیسیۆنی ڕاستی و ئاشتەوایی و پلانی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان.

–هاوکاری ناوچەیی: کارکردن لەگەڵ عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بێلایەنکردنی پشتیوانی دەرەکی پەکەکە و دروستکردنی چوارچێوەیەکی ئاسایشی هاوبەش.

**8. دەرئەنجام:**

**چەکداماڵینی** پەکەکە بە پرۆسەکی گرنگ دادەندرێت لە هەوڵە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیریی ناوخۆیی. لە کاتێکدا ئەنقەرە مامەڵە لەگەڵ کەیسێکدا دەکات دەیان ساڵ ململانێ و کاریگەری قووڵی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ناوبانگی ناوچەکەی هەبووە.ئەو هەنگاوە ئەگەر پرۆسەیەکی باوەڕپێکراو و تەواوبێت دەرفەتێکی مێژوویی دەبێت بۆ پچڕاندنی بازنەی توندوتیژی و بەدەستهێنانی ئاشتیی هەمیشەیی. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە دەتوانێت ئاسایشی ناوخۆیی ،سەقامگیریی سیاسی ، گەشەی ئابووری بۆ دابەشکردنێکی کاریگەرتر لە سەرچاوە سەربازییەکان بەهێز بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئاستەنگیانەی لەم توێژینەوەیەدا باسکراون زۆر گرنگن. لاوازی هەر دەستپێشخەرییەکی چەکداماڵین دەردەخات ئەگەری مەترسی جیابوونەوەی گروپەکان، بۆشایی هێزە ناوچەییەکان و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ناوخۆیی هەبێت. سەرەڕای ئەوەش، چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، لەگەڵ دینامیکی چارەسەرنەکراوی ناوچەیی کە عێراق و سوریا و ئێران دەگرێتەوە، بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی قورستر دەکات.بە پێچەوانەی کەیسەکانی ئیرلەندا و کۆلۆمبیا، دۆخی تورکیادا هێشتا لە نەبوونی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بەردەوام و میکانیزمێکی گشتگیری دادپەروەریی گواستنەوەیی بەدی دەکرێت.

بۆیە بۆ چەکدامالینی پەکەکە کە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەکات، پێویستی بە ستراتیژێکی گشتگیر هەیە. ئەم ستراتیژە دەبێت پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات و هەروەها پەرەپێدانی گۆڕانکاری دیموکراتی بێت کە دان بە مافە کلتوری و سیاسیەکانی گەلی کورددا بنێت. تەنها گۆڕانکاری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازی و هەواڵگریەکاندا نەبێت، بەڵکو دیالۆگی گرنگ و چاکسازی لە دامەزراوەکان و هاوکاری لەسەر ئاستی هەرێمیش بگرێتەوە. تورکیا دەبێت دڵنیایی بدات کە لایەنی سێیەم دەستپێشخەری بنیاتنانی متمانە و پرۆگرامی سەرکەوتوانەی و سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوە لە کۆمەڵگا بەڕێوە ببات.

لە کۆتاییدا، ڕێگای گەیشتن بە ئاشتی و ئاسایش ئەوەیە کە بیرکردنەوەی لە بنبڕکردنی یەکجاری کێشەکان و ڕێبازێکی سیاسی بگرنەبەر کە کێشەی ئاسایش و گشتگیری و دادپەروەری تێکەڵ بکات. بەدیهێنانی ئەم هاوسەنگییە نەک تەنها یەکێتی ناوخۆی تورکیا بەهێز دەکات بەڵکو پێگەی خۆی لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و گۆڕاودا بەهێز دەکات.

## 9- سەرچاوەکان -


- (ICG), I. C. G. (2021). " Turkey's PKK Conflict: A Visual Explainer." https://www.crisisgroup.org/europe-central-asia/western-europemediterranean/turkey/turkeys-pkk-conflict-visual-explainer.
- Abdulghany, F. (2025). " Challenges and Impacts of Reintegrating
- Armed Groups in Post-Transition Syria."
- Barkey, H. J. (2019). "The Kurdish Awakening." Foreign Affairs **98**(2): 107-122.
- Bihan-Poudec, E. ((2020).). An analysis of the demobilisation, disarmament and reintegration process of former FARC fighters in Colombia. (Master's thesis, Central European University). https://etd.ceu.eduBihan-Poudec,Emma.
- Çağaptay, S. (2020). "Turkey's Syria Predicament: The Unintended Consequences of Intervention." The Washington Institute for Near East Policy.
- Çandar, C. (2012). Leaving the mountain': How may the PKK lay down arms? Freeing the Kurdish Question from violence. Istanbul, TR: Turkish Economic and Social Studies Foundation.
- Cardenas, M. C. (2002). "Colombia's Peace Process: The Continuous Search for Peace." Fla. J. Int'l L. **15**: 273.
- Congress.gov (2025). "Northern Ireland: The peace process, ongoing challenges (CRS Report No. R46259). Congressional Research Service."
- Council, U. S. (2025). " S/2025/188 - Security Council. https://docs.un.org/en/S/2025/188."
- Democracy, O. (2017). "The FARC and politics: Inclusion in political processes is a very Complex issue www.opendemocracy.net/en/democraciaabierta/agena-item-2-political-participation/."
- Ginty, R. (2006). No war, no peace, Springer.
- Golmohammadi, V. (2021). "Transformation in Turkey's Strategic Culture and its National Security Doctrine; A Pivotal Turn or Balancing in Foreign Policy?" Strategic Studies Quarterly **24**(2): 73-104.
- Grosu, R. (2021). "An Academic Approach of the Military Doctrine."." Impact of Defense and Security.revista.unap 23_50_GROSU_An+Academic+Approach_military+doctrine (4).pdf.
- Guelke, A. (2012). Politics in deeply divided societies, Polity.
- Gunes, C. (2013). The Kurdish national movement in Turkey: From protest to resistance, Routledge.
- Gunter, M. (2011). The Kurds ascending: The evolving solution to the Kurdish problem in Iraq and Turkey, Springer.
- Gunter, M. M. (2015). The Kurdish Spring: A New Map of the Middle East, Oxford University Press.

Gunter, M. M. (2024). The Kurds in the Changing Political Map of the Middle East. Kurdish Studies Archive, Brill**:** 75-95.

Gürcan, M. (2017). ""The Transformation of the Turkish Military After the July 15 Coup Attempt"." Center for a New American Security (CNAS).

- Jongerden, J. (2024). The Political Thought of Abdullah Öcalan, Kurdistan, Woman's Revolution, and Democratic Confederalism, written by Abdullah Öcalan. Kurdish Studies Archive, Brill**:** 115-117.
- Kasapoglu, C. and C. Kasapoglu (2017). Turkey's Forward-Basing Posture, JSTOR.
- Kirisci, K. and G. M. Winrow (2013). The Kurdish question and Turkey: An example of a trans-state ethnic conflict, Routledge.
- Marcus, A. (2009). Blood and belief: The PKK and the Kurdish fight for independence, NYU Press.
- Media, G. (2025). "Gzero Media. (2025 ). Twenty years since IRA disarmament: What's changed in Northern Ireland https://www.gzeromedia.com/twenty-years-ira-disarmament."
- Özcan, A. K. (2012). Turkey's Kurds: A theoretical analysis of the PKK and Abdullah Ocalan, Routledge
- Ozerdem, A. and T. Jacoby (2008). Post-war recovery: Disarmament, demobilization and reintegration, IB Tauris.
- Palik, J. ( (2025, February 17)). "How Colombia's disarmament process transformed weapons into symbols of peace. Peace Research Institute Oslo. ." https://www.prio.org/2025/02/how-colombias-disarmament-process-transformed-weapons-into-symbols-of-peace/.
- Romano, D. (2006). The Kurdish nationalist movement: Opportunity, mobilization and identity, Cambridge University Press.
- Rufer, R. (2005)). "Disarmament, Demobilisation and Reintegration (DDR)https://www.dcaf.ch/disarmament-demobilisation-and-reintegration-ddr."
- Sinkaya, B. (2004). Conflict and cooperation in turkey-iran relations: 1989-2001, METU.
- Thomson, A. (2020). "The credible commitment problem and multiple armed groups: FARC perceptions of insecurity during disarmament in the Colombian peace process." Conflict, Security & Development **20**(4): 497-517.
- UNDP. (2006). *Practice Note: Disarmament, D. a. R. D.* U. N. D. P. w. u. o. s. g. f. z. f. p. U. D. P.
- Watts, N. F. (2009). "Re-considering state-society dynamics in Turkey's Kurdish Southeast." European Journal of Turkish Studies. Social Sciences on Contemporary Turkey(10).
- Watts, N. F. (2011). Activists in office: Kurdish politics and protest in Turkey. Activists in Office, University of Washington Press.

White, S. P. ( 2023). "The Organizational Determinants of Military Doctrine: A History of Army Information Operations." Texas National Security Review **6**(1): 51-78.

- Yavuz, M. H. (2001). "Five stages of the construction of Kurdish nationalism in Turkey." Nationalism and Ethnic Politics **7**(3): 1-24.
- Yavuz, M. H. and N. A. Özcan (2006). "The Kurdish Question and Turkey's Justice and Development Party." Middle East Policy **13**(1).

**تداعيات نزع سلاح حزب العمال الكردستاني (PKK) على الأمن القومي التركي**

**سنور فيصل عزيز بالاني**
**مجلة زانكۆ للعلوم الإنسانية،رئاسة جامعة صلاح الدين–أربيل،إقليم كوردستان،العراق**
**Snoor.balani@su.edu.krd**

**الملخص**
نزع سلاح حزب العمال الكردستاني (PKK) يشكل محورًا أساسيًا في استراتيجية الأمن القومي التركي. تتناول هذه الدراسة تعقيدات عملية نزع سلاح الحزب، وتضع الموضوع في إطار أمني – تاريخي، سياسي وإقليمي، مستفيدةً من مناهج التحليل النوعي، لتقييم الفوائد الاستراتيجية والمخاطر المرتبطة بعملية نزع السلاح، والتي تشمل تقليص التوترات الداخلية، وإعادة توجيه الموارد العسكرية، وإمكانية الوصول إلى سلام داخلي مستدام.
كما تتطرق الدراسة إلى التهديدات المحتملة الناتجة عن تفكك الحزب واستمرار عدم الاستقرار الإقليمي، ودور القومية في السياسة التركية. وتعتمد الدراسة على نموذج حالة عملية نزع السلاح، والأسس النظرية المرتبطة بها، مثل إعادة بناء المؤسسات، والاتفاقات السياسية، وآليات الاندماج المجتمعي.
تشير الدراسة إلى أنه رغم أن نزع السلاح قد يقلل من التهديدات المباشرة، إلا أن تركيا بحاجة إلى إعادة تقييم استراتيجيتها الأمنية الداخلية، ومعالجة تعقيدات علاقاتها الإقليمية مع كلٍّ من سوريا والعراق.
وتختتم الدراسة بجملة من التوصيات السياسية الموجهة لصنّاع القرار في تركيا، مؤكدةً على ضرورة وجود إطار رسمي لعملية نزع السلاح، والتحرر، وإعادة الاندماج، إلى جانب حوار سياسي شامل ورقابة دولية. وفي الختام، تؤكد الدراسة أن نزع سلاح حزب العمال الكردستاني لا ينبغي أن يُنظر إليه كنقطة نهاية، بل كعنصر محوري لبناء سلام واستقرار استراتيجي مستدام في تركيا.
**الكلمات المفتاحية :**نزع سلاح حزب العمال الكردستاني، الأمن القومي التركي، الصراع الكردي، (نزع السلاح، التحرير، إعادة الاندماج).

**The Consequences of PKK Disarmament on Turkey's National Security**

**Snoor Faisal Aziz Balani**
Zanco Journal of Human Sciences , Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Snoor.balani@su.edu.krd

**Abstract**
The disarmament of the Kurdistan Workers' Party (PKK) represents a significant milestone in Turkey's national security strategy. This study explores the intricate process of dismantling the PKK, situating the issue within historical, political, and regional security contexts. Through qualitative analysis, it evaluates the strategic advantages and potential risks related to the PKK's disarmament, while also considering the threats posed by PKK fragmentation, persistent regional instability, and nationalist responses within Turkish politics. The study draws on examples of demilitarization processes and identifies essential prerequisites for their successful implementation, including institutional reforms, political agreements, and mechanisms for societal integration. Even though disarmament might lower immediate dangers, Turkey must reevaluate its internal security approach and address the complicated relations in the region with Syria and Iraq. The study ends with practical policy suggestions for Turkish policymakers and stresses the importance of establishing a formal framework for disarmament, liberalization, reintegration, inclusive political dialogue, and international oversight. Ultimately, disarming the PKK should be regarded not as a final goal, but as a crucial step toward achieving long-term strategic peace and stability in Turkey.
**Key words:** PKK disarmament, Turkish national security, Kurdish conflict, (disarmamen liberation, reunification)